# بەڵێنەکانی سەرۆکی هەرێم چی بەسەرهات ؟

**جەزا چنگیانی**



پێش ئەوەی مەسعود بچێت بۆ بەغداد لە زۆر بۆاردا و زۆر بەهێزەوە چەند بارەی ئەوەی دەکردەوە.
سەردەم سەردەمی ئەنفال و شەڕی براکوژی و دەستەویەخە نیە , سەردەم سەردەمی جەنگی دبلۆماسی و دیالۆگە.ئێمە کە چەندساڵە خەباتدەکەین بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانمان و لەسەر شاری کەرکوک و سنوری کوردستان هیچ هاتنەخوارەوەیەکمان نیە ئیستاش تا دوا دڵۆپی خۆینم واز لە کەرکوک و فیدرالی و سنوری جوگرفای کوردستان ناهێنم.. .ڕێزی خۆینی شەهیدامان لاپیرۆزە.من لە ژێر ئاڵای پیرۆزی کوردستاندا لە دایك بووم دەبێت لەژێر ئەو ئاڵایەشدا بمرم ... ئەوەی داوایدەکەین زۆر کەمترە لەوەی پیویستە کورد هەیبێ واتە ( دەوڵەتی کوردی ) مان دەوێ.. جارجاریش بۆ ڕەتوشکردنی ووشوکانی باسی قارەمانی بابی دەکرد کە تا بەرەحمت بوو ئامادەنبوو واز لە کەرکوك بهێنێ . ئەم قسانەو کۆمەڵێکی تریش .. هەر ئەوەندە بڕیکرد کە جامانە وبەرگە کوردیەکەی توڕداو بوو بە سیاسەتمەدارێکی مۆدێرن لە تەك قاشەکەیدا جەلال بێ ئاوڕدانەوەیەك لە بەڵێن و ڕێزی خەڵکانی باشوری کوردستان لە بەغداد لە گشت ئەو شتانە پەشیمان بوونەوە .... لە سەر بەرنامەیەك لە تەك ناسیونالیستەکانی عەرەبدا لە بەغدادا ڕێککەوتن کە ( 35 ) ساڵ لەمەوبەر واتە 1970 بە کوردیان ڕەوا دەبینی . ئەو دەمە مسعود هەرزەکارێکی بێ ئەزموونی سیاسی بوو بابی ڕەحمەتی وەك سمبۆلێ بۆ کولتوری کوردی بە بەرگی کوردیەوە ناردی بۆ لای ئەحمەد حەسەن البکری سەرۆك کۆماری عیراقی ئەو دەمە.

کێشەی کەرکوك و پیرۆزی سنور و ماف فیدریاڵی و ماف چارەنووس و سنوری جوگرافیای باشوری کوردستان ...کەس نەیزانی چۆن لە سەر زمانی ئەم قارەمانە کوردە وەك مێش ئەڵفرین .... پەرلەمانە کارتۆنیەکەی هەولێریش نە فزەیان لێوەهات نە دەزگاکانی میدیای هەردوو قاشەکەی باشور ورۆژنامەنووسان و نە جەماوەری خەسیوی کوردستان وێراین یان دەوێرن ئەو پرسیار لە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی کۆماری عیراقی عەرەبی بکەن ...
( **ئەری ئەو هەموو درۆیەتان بۆچی کرد** )

سان پیترسبۆرگ ....29/08/2005
jazachingiani@hitmail.com
www.chingiani.de